سەماحەتی حکیم پەشوازی لە پارێزگاری واسیت کرد و گوێبیستی پرۆژەکانی شارەکە بوو

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی حیکمەی نیشتمانی چاوی کەوت بە بەڕێز دکتۆر محەمەد جەمیل مەیاحی پارێزگاری واسیت و ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگاکە، لەم دیدارە بەڕێزیان گوێبیستی دیدی ئەوان و پرۆژەکانیان لە پارێزگاکە بوو، دووپاتیشی کردەوە کە کاری مەیدانی پێوستە بە کاملبوونی کارەکان لە نێوان پارێزگا و ئەنجومەنی پارێزگا و وەزارەتەکانی حکومەتی ناوەندی.
سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر یەکلایی کردنەوەی پرۆژە ستارتیژییەکان لەوانەی بەڕێژەیەکی زۆر ئەنجام دراون، دووپاتیشی کردەوە کە دەبێت پێبوەندییان لەگەڵ خاوەن بەهرەکانی زانستی هەبێت بە ئەوەی باشترین خزمەتگوزاری پێشکەش بە هاولاتیان بکرێت.

سەماحەتی رووونیکردەوە کە گرنگە تواناکانی پارێزگاکە لە ڕووەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و وزە بقۆزنەوە، گوتیشی واسیت جگە لەوانە بنەمای گەشتیاریشی تێدا بەدی دەکرێت، تەنها کەمێك پێوستی بە بایەخ پێدان هەیە تا ئەو کەرتەش بە باشی سوودی لێوەرگیرێت.